وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پەیامێکی بە ئاڵای کوردستان و بە زمانی کوردی باڵاو کردەوە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە 21ی 3ی 2024، یەحیا ڕەسوول، گوتەبێژی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك)، وێنەی چەند پشمەرگەیەکی لەکاتی کردنەوەی ئاگری نەورۆز بە ئاڵای کوردستانەوە باڵاو کردەوە.

گوتەبێژەکەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بە زمانی کوردی نووسیویەتی: بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستی خەڵکی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دەکەم و هەردەم لەخۆشیدابن و لە ئاشتی و سەقامگیریدا بژین.